## د. عەبدوڵڵا ئاگرین

## / شەهیدکردنی کۆڵبەرەکانی شێرناخ سیاسەتی بەکۆمەڵکوژی کوردە

جێی نیگەرانیەکی سەخت و بەژانە، ئەو باڵە دەسەڵاتدارەی کۆماری تورکیا کە لافو گەزافی ئازادیو بەرجەستەکردنی سستمی دیموکراتی لێئەدەن، گوایە بڕوایان بەخەباتی سیاسی و ئاشتیانەی سەردەم هەیەو ئەو توندوتیژیو بەکارهێنانی چەکو هێزەی حکومەتە عەرەبیەکان بەگشتی و سوریا بەتایبەت بەرانبەر هاوڵاتیانی خۆیان بەکاری ئەهێنن باڵی سیاسیی حکومەتی تورکیا خۆیان کردووەتە ڕیشسپیو بەگەرمی سەرزەنیشتی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد ئەکەن کە بۆچی دژ بەئیرادەی جەماوەرکەیەتی، تەنانەت لەزمانی ڕەجەب تەیب ئەردۆگانەوە ڕاگەیەنرا لەبەر ئەوەی: حکومەتی سوریاو سەرۆکەکەی (بەشار ئەسەد)بە ئاگرو ئاسنو کوشتن وەڵامی داخوازی شەقامی سوریا ئەداتەوە، شەرعیەتی حوکمڕانی نەماوە!..تەححا لەو بۆچونە جوانەو ئەو هەڵوێستە نامەدەنیانەی کۆماری تورکی دژ بە هاوڵاتیەکانی خۆی ئەیکات... ئەگەر دەسەڵاتدارانی ڕژێمی سوریا وەڵامی چالاکی سیاسی جەماوەرە ڕاپەڕیوەکەی بەچەکو مەرگ باران دابێتەوە.. کەچی دەسەڵاتدارە شۆڤێنیەکانی تورکیا بەنوێترین فڕۆکەی جەنگی (ئێف١٦) بۆردومانی هاووڵاتیە بێ چەکو سەفیل و بێ گوناهەکانی خۆی کرد... شەوی ٢٨-٢٩ / ١٢ / ٢٠١١ فڕۆکە جەنگیەکانی حکومەتی تورکیا لەجۆری ((ئێف ١٦)) بۆردومانی (کۆڵبەرە) بێ دەرەتانو هەژارو ئەو داماوانەی هەردوو گوندی ((ڕۆبۆسکێ و بیجە))ی ناوچەی(( شێرناخ)) لەپارێزگای هەکاری کرد و نزیکی ((٤٣)) هاوڵاتی مەدنی خۆی بەخت و خۆڕایی شەهید کرد.

تاوانی سەرەکی ئەو کۆمەڵکوژییە تەنیا ئەوەیە: ئەو کۆڵبەرە کاسبکارو هەژارانە کوردبوون، تەمەنیان لە نێوان (١٢-١٩) ساڵاندا ئەبوو.

ئەو تاوانەی فڕۆکە جەنگییەکانی حکومەتی تورکیا شەوی٢٨-٢٩ / ١٢ / 2011 / بەهەر بیانویەکەوە ئەنجامیان دابێت لە خانەی جینۆسایدی نەتەوەی کورددا دائەنرێت، تاوانێکە بەرامبەر مرۆڤایەتی ئەنجامدراوەو سەرجەم سستمی کۆماری تورکیا بەباڵی سیاسیو سەربازییەوە ئەخاتە ژێر پرسیارو گومانەوەو ئەو پرۆسە دیموکراتیو کراوەییە سیاسیەی حیزبی داد و گەشەپێدان و سەرۆك وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بانگێشتەی بۆ ئەکات ڕاستگۆیی لەدەستئەدات!!.. ئەو پرسیار و گومانکردنەش بۆ ئێمەی کورد لە باشووری کوردستاندا ناخۆش و سێبەرێکی سیاسی گرانە کە تەمومژی بەبەردەم ئومێدی گەشی ئایندەی پەیوەندی دوو قۆڵیو پرۆسەی سیاسی ناوچەکەدا ئەهێنێت، چونکە هێزی ئاسمانی حکومەتێك بەئاگا یاخود بێ ئاگا لەبەرپرسیار ڕاستەخۆ، بەچەك دروێنەی مەرگی هاوڵاتییانی خۆی بکات ئیدعای دیموکراتیانەی کاڵئەبێتەوە شەرعیەتی حوکمڕانیش لەدەست ئەدات، لەگەڵ ئەو ڕووداوە دڵتەزێن و خەمناکەدا کورد وەرەی سیاسیو شۆڕشگێری بەرزەو هەر ئەبێت بەچالاکی شارستانانەو لەڕێگای دانووساندن و لەیەکگەیشتنو گفتوگۆوە چارەسەری بەدیهێنانی ئازادیو مافی ڕەوای خۆی لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیدا بکات، گڕی ئاگری سوتێنەری دەستی ڕەگەز پەرستو شۆڤێنێ توندڕەوەکان لەخامۆشی کوژاندنەوەدایەو توندوتیژیو بەکارهێنانی زەبروزەنگ بەسەرچوو..

راستوایە: دەسەڵاتدارانی حکومەتی تورکیا بەزووترین کات ئەو تاوانبارانەی ئەوتاوانەی شەوی ٢٨-٢٩ / ١٢ / 2011یان ئەنجامداوە، یاخود پشتگیریان کردوون لەڕێگای یاساو دادگاوە سزا بدرێن و پاش قەرەبووی قوربانییەکان، داوای لێبووردن لەگەڵی کورد بکەن و بە فەرمی لە دەستوردا دان بەمافی ڕەوای کورد لەباکوری کوردستاندا بنێن ..! ئەوە تەنیا چارەیەکی عەقڵانیو لۆژیکیانەی سەردەمە .!

زانکۆی سەڵاحەدین

**سەرچاوە: هەوال**